قوباد تالەبانی: پیرۆزە لە زاخۆی دڵاڵ و هەموو کوردستان



قوباد تالەبانی پیرۆزبایی بردنەوەی خولەکانی باشترین هاندەر لەسەر ئاستی جیهان لە یانەی زاخۆ دەکات و رایگەیاند: شیرینی و خۆشی بردنەوەی ئەم خولەکانە لەوەدایە کە بەرهەمی هاوسۆزی و پاڵپشتی هەموو خەڵکی کوردستان بوو.

قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم رایگەیاند: بردنەوەی خولەکانی باشترین هاندەر لەسەر ئاستی جیهاندا، شانازییەکی گەورەیە بۆ یانەی زاخۆ و وەرزشی کوردستان و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. لە دەڤەرە پیرۆزبایی لە یانەی زاخۆ و هاندەران و دانیشتووانی زاخۆ و هەموو کوردستان دەکەم.

وتیشی: شیرینی و خۆشی بردنەوەی ئەم خولەکانە لەوەدایە کە بەرهەمی هاوسۆزی و پاڵپشتی هەموو خەڵکی کوردستان بوو. گەلی کورد کەوا بۆ هەموو ستەم و سەرکوت و ئازارێی بەسەریدا هاتووە، هەر زیندووە و هەر بەرۆپۆش دەچێت، بەرهەمی ئەو هاوسۆزی و یەکدەیەی خەڵکە.

ئۆوەش دەڵێت: لەم ماوەیەدا هەمووان یەکدەنگ پشتیوانیی زاخۆ بوون و ئەمەش لە جۆرن و

خەشیی زاخەییەکاندا بەشدارن، هەروەکچۆن لە ماوەی هەفتەی رابردوودا لە ناخەشیشدا هەمووان هاوسۆز و پشتیوانیی خەڵکی چەمچەماڵ و گەرمیان بوون. ئەم هەستە پیرۆزەی هاوسۆزی و هاوچارەنووسی و یەکدەنگییەی لەناو خەڵکی کورددا هەیە، هیوادارین بگوازرێتەوە بە ناو سیاسەتیش، چونکە ئەمە ڕێگە دروستکەیە بۆ ئاوەی گەلەکەمان بۆ دەستکەوتی گەورەتر هەنگاو بنێت.